


# دۆسیەی عەتا نەهایی

فۆتۆ: عەبدوڵڵا قادر دانساز

# ئەدەب و بەتایبەت
# ئەدەبی داستانی بۆتە سەرەکیترین داڵغەی ژیانم

## عەتا نەهایی..
## بە خامەی عەتا نەهایی

وەک دایکم دەیگوت لە شەوێکی جەژنی قوربانی ساڵی ١٣٣٩ی کۆچی (١٩٦٠ز) لە شاری بانەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هاتوومەتە دنیا، لە شەوێکی ساردی پاییز یان زستان، نازانم. گوایە باوکم لە خۆشییان گوێزەبانی بەشیوەتەوە، دایە گەورەم ئەو شەوە و چەند شەوی لەوە دواش بە ژوور سەرمەوە دانیشتووە و دۆعای خوێندووە. بۆ ئەوە کە منیش وەک دوو برا و ڕەنگە دوو خوشکی دیکەی بەر لە خۆم نەمرم، ناویان ناوم عەتائوڵڵا، واتە دیاری خودا. دڵخۆش بوون کە خودا دیارییەک بە کەسێک بدات لێی وەرناگرێتەوە.


شتێکی ئەوتۆم لە منداڵیم لە بیر نییە. یەکەم دیمەنێک کە لە بیرمە لەگەڵ دایک و خوشکم لە کەپرێکدا بووین، کەپرێک لە ناو ڕەز و باخێکی داوێنی کێوی ئاربەبا، ئێوارە بوو چاوەڕوانی هاتنەوەی باوکم بووین، پێدەچێ ئەو دەمە سێ ساڵم تەمەن بووبێت. دووهەم دیمەنێک کە لە بیرمە لەگەڵ منداڵێکی تر لەبەر دەرکە، لەسەر گڵ و خۆڵ، جادەمان کێشابوو، ئۆتومبیلێکی بچووکی لاسیقم لێدەخوڕی. لە دیمەنی سێهەمدا کە وای زەڕیی کوردییان بۆ لەبەر کردبووم و مێزەر یان شەدەیەکی بچووکیان بۆ لەسەر نابووم، باوکم دەستی گرتبووم و نازانم بۆ کوێی دەبردم. بەو تیشکی شادییە کە لە چاوی باوکمدا بوو من لەبیرم ماوە، دیارە ئەوە یەکەم گەشت و گەڕانی باوکێکی منداڵ خۆشەویست و کوڕێکی چوار یان ئەوپەڕی پێنج ساڵان بووە. شەش ساڵان بووم کە ڕۆژێک باوکم دەستی گرتم و لە کاتێکدا کە مریشکێکی بن باڵ دابوو بۆ شوێنێکی بردم کە ناسنامە بە منداڵان دەدەن. کابرایەکی باریکەڵەی ڕووخۆش ناسنامەی دامێ و وەک هاووڵاتییەک وەری گرتم، بەڵام مامرە دیارییەکەی بە خۆم بەخشییەوە. چەند ڕۆژ دوای ئەوە بوو کە ناردیانم بۆ قوتابخانە. سەرەتایی و ناوەندی و دوو ساڵ دوا ناوەندیشم لە بانە خوێند، پاشان چووم بۆ پەیمانگەی مامۆستایان (دانشسەرای موقەدەماتی) شاری وەرامینی نزیک تاران. پاش دوو ساڵ پەیمانگەشم لەو شارە تەواو کرد. لە هەموو ماوەی خوێندندا قوتابییەکی زیرەک و باش بووم، دایکم و باوکم، دوو مرۆڤی هەژار و زەحمەتکێش کە من بۆنە و بیانووی ژیانییان بووم، شانازییان پێوە دەکردم. پاش تەواوکردنی پەیمانگە لە ساڵی ١٣٥٧دا کە ساڵی سەرکەوتنی شۆڕشی ئێران بوو، وەک مامۆستای قوتابخانەی سەرەتایی لە گوندێکی شاری بانە دامەزرام. بەڵام پاش سێ ساڵ بۆ هەمیشە لەسەر پیشەکەم دەرکرام.

لە منداڵییەوە تەنیا دڵخۆشیم خوێندنەوە و نووسین بووە. سەرەتا بە شیعر دەستم پێکردووە. لە تەمەنی شانزە ساڵییەوە شیعرم بە زمانی کوردی نووسیوە. لە تەمەنی حەڤدە ساڵی لە پەیمانگە یەکەم چیرۆکی بڵێندم نووسیوە و بەو هۆیەوە لە لایەن بەرپرسانی پەیمانگەوە تەمی کراوم. لە پاش شۆڕشی ساڵی پەنجا و حەوت بە جیدی دەستم بە نووسین و بڵاوکردنەوە لە گۆڤارە کوردییەکانی ناوەوە و دەرەوەی وڵات کردەوەو یەکەم کۆمەڵە چیرۆکم، وەک یەکەم کۆمەڵە چیرۆکی کوردی کە لە پاش شۆڕش لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان چاپ و بڵاوبووەتەوە، ساڵی ١٣٧٢ چاپ و بڵاوکردووەتەوە. لەوە دوا ئیتر ئەدەب و بەتایبەت ئەدەبی داستانی بۆتە سەرەکیترین داڵغەی ژیانم. لە ماوەی ژیانی ئەدەبیمدا تا ئێستا سێ کۆمەڵە چیرۆک و سێ ڕۆمان و دەیان وتاری ئەدەبی و تیۆریکم بڵاوکردووەتەوە. هەروەها ئانتۆلۆژییەکی چیرۆکی هاوچەرخی فارسی و شەش ڕۆمانی باشترین ڕۆماننووسەکانی دنیام




لە تەمەنی حەڤدە ساڵی لە پەیمانگە یەکەم چیرۆکی بڵێندم نووسیوە و بەو هۆیەوە لە لایەن بەرپرسانی پەیمانگەوە تەمی کراوم. لە پاش شۆڕشی ساڵی پەنجا و حەوت بە جیدی دەستم بە نووسین و بڵاوکردنەوە لە گۆڤارە کوردییەکانی ناوەوە و دەرەوەی وڵات کردەوەو یەکەم کۆمەڵە چیرۆکم، وەک یەکەم کۆمەڵە چیرۆکی کوردی کە لە پاش شۆڕش لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان چاپ و بڵاوبووەتەوە






کردووە بە کوردی و لەسەریانم نوویسیوە. بە زمانی فارسیش جگە لە چەند وتار و گفتوگۆی ئەدەبی و چیرۆک کە لە گۆڤارە فارسییەکاندا بڵاوم کردوونەتەوە، لەسەر داوای دەزگای میراتی فەرهەنگی ئێران لە تاران کتێبێکم لەسەر ئەدەبی داستانی کۆنی کوردی بە ناوی (شیکاری بنەمایی بەیتی عاشقانەی کوردی (تحلیل ساختاریی مەنچومەهای کوردی) نووسیوە. لە زۆربەی کۆڕ و کۆنگرە ئەدەبی و ڕۆشنبیریی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەشداریم کردووە. لە زۆر کۆڕ و فێستیڤاڵی ئەدەبی لە باشووری کوردستان (سلێمانی و هەولێر)، باکووری کوردستان (ئامەد)، بەشداریم کردووە و وتارم خوێندۆتەوە. لە ساڵی ٢٠٠٤ لەسەر داوەتی زانکۆی ئۆپسالای وڵاتی سوید سەفەرێکی مانگ و نیوەم بۆ ئەو وڵاتە کردووە و لەو زانکۆیە و لە شاری ستۆکهۆلم لەسەر ئەدەبی کوردی وتارم پێشکەش کردووە. لە ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستان زۆر کۆڕی تایبەتم بۆ گیراوە. خەڵاتی ساڵانەی دەزگای ئاراسی هەولێرم لە ساڵی ٢٠٠٥ و خەڵاتی زێڕینی هەردی بۆ داهێنانم لە ساڵی ٢٠٠٨ لە فێستیڤاڵی گەلاوێژ لە سلێمانی وەرگرتووە.



ئەوەی کە تا ئێستا وەک کتێب لە ناوەوە و دەرەوەی وڵات بڵاوم کردوونەتەوە بریتین لە:




**نووسین:**

١. زریکە، (کۆمەڵە چیرۆک)، بڵاوکراوەی ناجی، بانە ١٣٧١.

٢. تەنگانە (کۆمەڵە چیرۆک)، لەسەر ئەرکی نووسەر، تەورێز ١٣٧٤.

٣. گوڵی شۆران. (ڕۆمان)، بڵاوکراوەی محەممەدی، سەقز ١٣٧٦.

٤. ئەو باڵندە بریندارە کە منم، (کۆمەڵە چیرۆک)، دەزگای سەردەم، سلێمانی، ١٣٨٣.

٥. باڵندەکانی دەم با، (ڕۆمان)، ئەنستیتۆی فەرهەنگی و نەشری ژیار، تاران ١٣٨١.

٦. گرەوی بەختی هەڵاڵە، (ڕۆمان) بڵاوکراوەی ڕەنج، سلێمانی، ١٣٨٦.

٧. کۆی بەرهەمەکان/٢ بەرگ (ڕۆمان و چیرۆک)، دەزگای ئاراس، هەولێر، ١٣٨٦.

٨. تحلیل ساختاری منچومەهای عاشقانەی کوردی، (بە زمانی فارسی) / ئیجازەی چاپی پێنەدراوە.

**وەرگێڕان.**

١. شازادە ئحتجاب، (ڕۆمان)، هووشەنگ گوڵشیری، دەزگای سەردەم، سلێمانی، ١٣٨٠.

٢. جەیمس جۆیس، (خوێندنەوە)، ج. م. ستوارت، دەزگای سەردەم، سلێمانی، ١٣٨٣.

٣.ماڵی ڕووناکان، (کۆ چیرۆک)، نووسەرانی ئێرانی، دەزگای ئاراس، هەولێر، ١٣٨٣.

٤. بارۆنی سەر دارەکان، (ڕۆمان)، ئیتالۆ کالڤینۆ، دەزگای سەردەم، سلێمانی، ١٣٨٦.

٥. قەسابخانەی ژمارە ٥، (ڕۆمان)، کوورت ڤۆنێ گات، دەزگای سەردەم، سلێمانی، ١٣٨٧.

٦. سووکی لەتاقەت بەدەری بوون، (ڕۆمان)، میلان کۆندێرا، دەزگای سەردەم، سلێمانی، ١٣٨٨.

٧. دادگایی، (ڕۆمان)، فرانتس کافکا، دەزگای سەردەم، سلێمانی، ١٣٩٠.

**نموونەیەک لە وتارە بڵاوکراوەکانی نووسەر:**

١. داهێنان، تەجرەبەیەکی بێ سەرەتا و سەرەنجام.

٢. لە بەرامبەر شاڵاوی فەراموشیدا.

٣. خۆکوژی ژنان و ڕازی هەڵبژاردنی ئاگر.

٤. داهێنەری ئەدەبی لەنێوان نەرێتە ڕۆشنبیرییەکاندا.

٥. ئەدەبی شار، ئەدەبی شارەدێ.

٦. کێ غوربەتی تاراوگەمان بۆ دەگێڕێتەوە؟

٧. وەرگێڕانی شیعر، کردەیەکی نامومکین بەڵام پێویست.

**لە ماڵپەڕی تایبەتی نووسەرەوە وەگیراوە.**